# ڕۆژنامەوانیی / بەردەنگ
# هاوکاتیی شوێن



ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

هەموو کۆمەڵگایەك بە سەرلەبەری پێکهاتەکانییەوە بۆ گواستنەوەی ڕاست و دروستیی هەواڵ، ڕووداو، ئەندێشە و... تاد بۆ تاك و یەکەیەکەی پێکهێنەرانی کۆمەڵ، بەشێوەی هەستکردانە نیازی بە ئامراز و دامودەزگا و هۆکارانێك هەیە. لەپشت ئەو گواستنەوەیە کە لەواتا ڕاستەقینەکەی بڕوانین، هیچ مەبەستێ بێجگە لە ئاگاداربوونەوە و ئاگادارکردنەوە و زانیاریی گەیاندن یان دروستکردنی کەشوهەوایەک بۆ پێوەندیگرتن و دیالۆگ لەگەڵ بەردەنگ دەستنیشان ناکرێ. ئەمەش بە گشتی لێرەدا بە لەبەرچاوگرتنی چییەتی سیستمی بەڕێوەبەری کۆمەڵگا وێنا دەکرێ.
شۆڕشی پیشەکاریی لە ڕۆژئاوا تەڤگەڕێکی بەدەسەڵات بوو کە گشت پێکهاتەکانی کۆمەڵگای بە شێوەیەکی بنەڕەتیی گۆڕی. یەکێك لەو دەسکەوتانەی تا بە هەنووکەش بەرەو گەشەکردنە و هۆکاری ناسینەوەی کۆمەڵگاکانە و توانیویەتی وەکوو دەسەڵاتێکی گرینگ دەوری هەبێ، تۆڕەکانی ڕاگەیاندنە.

ئەگەر بگەڕێینەوە چەند سەدەی پێشتری ئەورووپا، داهێنانی دەزگای چاپ لە وێندەرێ و پەرەسەندنی ئەم دەسکەوتە لە ڕۆژئاوادا هەنگاوێکی شایان بوو بۆ دەسەڵاتدارانی ئەوکات تا هەرچی خەستوخۆڵتر دەسەڵات و هێزی خۆیان داسەپێنن و سەقامگیرتر بن. گوێستنەوەی ئەم مێژووە بۆ ڕۆژنامەوانیی، سەدەکانی شازدە و حەڤدەی زایینیی دەست نیشان دەکا کە هەر وەك ئاماژەی پێکرا وەکوو هێزێکی گشتگیر خۆی چپاندە نێو ڕیزی دەسەڵاتەوە وەکوو چوارەمین دەسەڵاتی بەڕێوەبەری کۆمەڵگا خۆی مسۆگەر کرد.
جێی وەبیرهێنانەوەیە کە ڕابردووی ئەم دەنگە تەمەنێکی بە تەواویی سەر بە حکوومەت کرد و بووە ڕێگەیەك بۆ ئەوەی هێزی زاڵ بتوانێ بەپێی

دابەشکردنەکەی خۆی لەسەر دەنگی یار و نەیار هەڵوێست بگرێ و خاڵی پڕهێز و بڕەوی خۆی داسەپێنێ. ئەم چەشنە ڕەهەندەی بیروڕا دەربڕین کە لەژێر ڕکێفی هێزی مەبەستی دیاریکراو دابوو، بووە ڕێی بەئاکام گەیاندنی ئەو بەرژەوەندیانەی جەختیان کراوەتە سەر. بەواتایەکی دیکە لێرەدا ڕۆژنامەوانیی دەبێتە ڕەهەندی لایەنگر و یاریدەدەری حکوومەت بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەنگی نەیار و بیری جیاواز. مێژووی ئەم چەشنە دەسەڵاتانە کە لە نموونە دیارەکانی کۆمەڵگای پێشکەوتووی ئەمڕۆژیین، دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتانی بریتانیای ئەوکات و بەرەی کۆمۆنیست.

لە وڵاتانێکدا کە هەنووکەش دیکتاتۆڕیی حاکمە و یان تەنانەت وردە دیکتاتۆڕن، ئەم چەشنە پاوانکردنە واتە دەستداگرتن بەسەر ڕۆژنامە و بە گشتی میدیاکان، یەکێکە لە بەرچاوترین بەشی چڕکردنەوەی هێز بۆ خۆداسەپاندن و یەکڕەنگ کردنەوەی دەنگە جۆراوجۆرەکان.

لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستە دووگماتیستیەی سیستمی سیاسیی بەڕێوەبەر، کۆمەڵگا بەرەو قۆناغی بەربەرەکانیکردن و ڕزگاربوون لە مەترسیی قرخەبڕکرانی هەناسەی ئازادییە مەدەنییەکان دەچێت و هەر بەم پێیەش دەکەوێتە نێو تەنگەژەیەکی ئاڵۆزەوە. هەوڵەکانی ئەم شوێنانە بە ئاگاداربوون و سەرنجدان بە وڵاتانی خاوەن دیموکراسی و دەسەڵاتی گەل بە سەر گەلدا، بۆ سڕینەوەی چییەتیی حکوومەتی تاقمێکی سەرەڕۆیە و جێگیرکردنی شووناسێکە بەنێوی دەوڵەت... .



لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەم بەملاوە تیۆریی ڕزگاریخوازیی بە تەواویی لە ئەورووپا تەشەنە دەکا و لە زۆر شوێندا ڕەگ دادەکوتێ. ئیتر بایەخ بۆ تاك وەکوو بەشی پێکهێنەری کۆمەڵ، دادەنرێ و دەکەوێتە بان حکوومەت و دەسەڵاتەوە. ڕیزی ئەم تاکانە هێز و توانای هەڵبژاردنیان هەیە و دەتوانن باش و خراپ لێك جیابکەنەوە. ئەم چەشنە ڕووبەڕووبونەوەیە لەگەڵ خەڵك، دانپێدانانە بەوەی ئەوان بڕیار دەدەن، هەڵبەت بەبیر و بۆچوونی جیاوازەوە. بەمجۆرە ئەم کۆمەڵە کە لە ژینگەیەکدا پێکەوە و بە جیاوازیی ئەندێشەوە دەژین، بۆ ئاگادارکردنەوە و ئاگاداربوونەوە نیازیان بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەیە.

ئەوەی لێرەدا پەیوەندیی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە ئەوەیە کە شوێنی وڵاتان بە هەڵکەوتن لە ڕۆژئاوا و وڵاتانی پێشکەوتوو یان وڵاتانی جیهانی سێهەم و ڕوو لەگەشەدا و هەروەها شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات، دەوری سەرەکیی هەیە بۆ گەشە یان خنکانی ئەو ئامرازانە. بەم چەشنە تا بە هەنووکە ئەمە دەرکەوتووە کە ملهوڕی و دیکتاتۆڕیی لە وڵاتانی جیهانی سێهەم و ڕوو لە گەشەدا زەقە و لە هەمبەر مافی

ڕەوای ئازادییە گشتییەکاندا بەرچاوتەنگیی زۆر لە خۆیان نیشان دەدەن. ئەم چەشنە حکوومەتانە بە تەنگتر و بەرتەسکترکردنەوەی ئەندێشە و بیروڕا چاوەدێرییەکی خەستی بیر و زەین و هەڵسووڕان دەکەن. وەها کردەوەیەك هەست و هەڵوێستێ دادەڕێژێ تا هەر چەشنە جووڵانەوەیەك بەپێی بەرژەوەندیی دەسەڵاتدار دیاری بکرێ و گریمانە و بۆچوون و مەیلێکی گشتیی سەپێنراو و دەستنیشانکراو گشتگیر بکا. لێرەدا دەسەڵات ئاگاداریی و زانیارییەکان لە تاك ڕەهەندیی خۆیەوە بۆ بەرژەوەندیی خۆی زەق دەکاتەوە، سانسۆڕچی دادەنێ، زمانحاڵی دەسەڵات ئازادە لە چوارچێوەی پانتایەکی پێناسەکراو بەناوی پرەنسیپی سیستمی بەڕێوەبەر پەیوەندیی تاک ئاراستەیی لەگەڵ جەماوەر ساز بکا. لەم زەمینەیەدا بەهۆی پێکهاتەی حکومەت و کەڵکوەرگرتنیان لە ڕۆژنامەوانیی بۆ پروپاگەندە و پتەوکردنی پێگەی حکومەت یان بنچینەی دەسەڵات، "ڕۆژنامەوانی ئازاد" وەک بکەر و "ڕۆژنامەوانیی ئازاد" وەک پیشە دەرفەت یان بواری وای نەبووە و پێینەدراوە کە بتوانێ ڕۆژنامەوانیی سەربەخۆ ئەزموون بکەن، ئامانجی ئەم چەشنە دەسەڵاتە هەرچی زیاتر کپکردنی ئەو دەنگە دژە شاراوانەیە و زۆرجاران هەوڵدەدا بە دەنگێکی بە ڕواڵەت چەند ڕەهەندییەوە خۆی بنوێنێ.




ناودێرکردنی ئەم ڕەهەندە بە نێوی دەسەڵاتی چوارەم بەهۆی ئەو ئامادەییەیە کە ڕێگا بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئامانجەکانی کۆمەڵگا چ حکوومی یان گەلی خۆشبکا. بەم شێوەیە ڕۆژنامە و گۆڤار و دەنگ و ڕەنگ و پەیوەست بەوانیشەوە ڕۆژنامەوانیی دەبێتە هۆکارێك بۆ خولڨاندنی نیاز و مەبەستەکان. لە سیستمی حکومەتیدا نزیک بە تەواوی کارگێڕان و سەرنوسەران لە کەسانی جێمتمانە و دەستپەروەردەی سیستمی زاڵ بوون و بۆ پاراستنی ڕاگەیاندنەکانی خۆیان کۆسپی سەرەکیی سەر ڕێی سەربەخۆیی ڕۆژنامەوان و پیشەکەیان بوون. کۆمەڵگای بەر ئاماژە سەرەڕای ئەوەی مێژوویەکی دوور و درێژ و قورسی سیستمی تۆتالیتێر و دیکتاتۆڕیی کۆڵکێش دەکا، لە دیموکراسیی بێبەرییە، ڕوناکبیران و بیرجیاوازان لە بەندیخانەکان توند کراون یان سڕاونەتەوە. تەنیا وەکو ئامرازی پڕوپاگەندە و بانگەشەکاری حکومەتی چاو لەم پیشەیە کراوە و لەبەرامبەر هەرجۆرە سەربەخۆیی یان ڕەخنەیەک توندترین وەڵامی بووە.

ئەگەر ڕوویەکی دیکەی ئەم پرسە هەڵبدەینەوە دەبینین کە هاوکات لەگەڵ زەمینەی ڕۆژنامەوانیی دەسەڵات زەمینەیەکی دیکەش سەرهەڵدەدا کە لەدەرەوەی حکومەتە و بەهۆی سیاسەتەکانی سیستمی زاڵەوە لەدەرەوەی زەمینەی بەر ئاماژەی وتارەکە واتە لە هەندەران خۆدەگرێ ئەویش ڕۆژنامەوانیی ناحکومییە. بەڵام ئەویش

هەڵگری کۆمەڵێک خەسارە کە دەتوانین ئاماژە بکەین بە، لەم چەند ساڵەی دواییدا زۆرکەس وەکو هێزی میدیایی و راگەیاندنکار دەیان رۆژنامەی بەتایبەت ئیلیکترۆنیکیان و لە باشوری کوردستان و دەرەوەی کوردستان دامەزراندووە، بەڵام زۆربەی هەڵسوڕێنەرانی ئەو پێگانە خوێندەواری و ئەزموونی رۆژنامەوانییان نییە و لەبواری بەرهەمهێنان و رومالکردنی زانیاری و هەواڵدا زۆرجاران بێمتمانەیی و گومانیان بۆ بەردەنگ بەجێهێشتووە.
ئەگەر بەواتای راستەقینە چاو لە رۆژنامەوانیی بکەین، رۆژنامەوانیی و بە گشتیی کاری میدیایی سیستمێکی ئاڵۆزە و پێویستی بە پسپۆڕی و شارەزایی و زانستی جۆراوجۆر هەیە. کاتێ ئەو گرینگییە دەرکەوت کە رۆژنامەوانیی هەموو پرس و لایەنەکانی کۆمەڵگا وەخۆدەگرێ و پەیوەندیی تانوپۆئاسای لەگەڵیدا هەیە، وەک پرسی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، کولتووری، دەروونی و... کە بۆ هەموویان پیویستییان بە پسپۆڕێتی هەیە و بۆ هەر کام لە بوارەکان شارەزا دەبێ بپەرژێتە سەر پرسەکە.




بەڵام ئەوەی کە تا ئێستا دیتوومانە، زۆربەی کارگێڕان و هەڵسوڕێنەرانی میدیاکان، ناپسۆڕن و هیچ خوێندن یان پەروەردەیەکی ئاکادیمییان نەبووە. ئەمە خەسار و ئاریشەیە تەنیا بەرۆکی بواری رۆژنامەوانیی ناگرێتەوە بەڵکو خەسارێکی مەزنتریش لە بەردەنگ دەدرێ. دەکرێ بەشێک لە بەردەنگ ناوشیار تووشی ناسینی کاری نائاکادیمیک بن و وەکو بنەمایەک قبووڵی بکەن یان ئەوەی کە پاش ماوەیەک بەردەنگ سارد بێتەوە و میدیاش لە مەرگێکی شاراوەدا درێژە بە چالاکی خۆی بدا.
واتە بیرکردنەوەی نازاستی و هەروەها بڕیاردانە و حوکم بەسەر بابەت یان پرسی پەیوەندیداردا دەکا، و دەچێتە چوارچێوەی لایەنگرییەوە. بەمجۆرە بەردەنگ بەتەواوی وەلا دەنرێ و پێش گریمانەیەکی ئامادە دادەسەپێنێ.
ئەم ناپسۆڕی و نائاکادیمی بوونە لە بواری رۆژنامەوانیدا کەشوهەوایەکی رادیکاڵ و پاوانخوازیی زاڵ کردووە و لە رووی عەتف و سۆزەوە رووبەڕوی کێشە و راستییەکان دەبنەوە
لەلایەکی دیکەوە، زۆربەی هەرە زۆری میدیاکان (دەنگ و رەنگ و ئیلیکترۆنی و کاغەزی) لەدەرەوەی کوردستان میدیایەکی تاکدەنگین و راستەوخۆ بە گروپ یان حیزبێکی سیاسییەوە گرێدراون یان ناڕاستەوخۆ دەهۆڵی لایەنێک یان گروپێکی سیاسی دەکوتن. لەم رووەوە ئەم میدیایانە بێجگەلە پڕوپاگەندە و بانگەشە بۆ چوارچێوەکەی خۆی هیچ چاوەڕوانییەکی دیکەی لێناکرێ. بۆ نموونە لەو پێگەیەدا

ڕۆژنامەوان قەت ناتوانێ بۆ شرۆڤە یان تێڕوانین لە پرسێک خاوەنڕا یان شارەزایەک پێشنیار بکا کە ناوی لە ریزی "کارناسە دەستنیشانکراوەکان"دا نییە.

بەگشتی لە سیستمی سیاسی ئاوادا، چ میدیای حکومەتی و چ میدیای حیزبی ئۆپۆزیسیونی تاراوگە لە بنەڕەتدا تاکدەنگی و تاک ئاراستەیین. میدیای حکومەتیی لەم چەشنە هەمیشە هەوڵ دەدا هەتا دەهۆڵێک بێ دەسەڵات و میدیای ئۆپۆزیسیۆنیش هەمان کاردەکا، بەڵام بە قازانجی نەیاری سیستمی سەردەست. ئەوەی روونە لە هەرکیاندا بەهەمان رادە کە پڕوپاگەندە بۆ خۆیان دەکەن، دەنگەکانی دیکە وەبەرچاوناگرن یان حاشایان لێدەکەن، یان پەڕاوێزیان دەخەن و بە زەقکردنەوەکانی جێی مەبەستی خۆیان لایەنگری و رەفتارە سیاسیەکانی بەردەنگی خۆیان دەخەن ژێرکاریگەرییەوە.
باسی نێوان زەمینەی حکومیی بۆ رۆژنامەوانیی و زەمینەی ناحکومی (ئۆپۆزیسیۆن / حیزبی) دەمانگەیەنێتە جیاوازییەک لەگەڵ بنەماکانی پیشەیی رۆژنامەوانیی. لە پروپاگەندە و بانگەشەی حیزبیدا مەبەستی سەرەکیی رێکخستنی روانگەکان و رەفتاری سیاسیی بەردەنگە بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندیی سیاسیی تایبەت. لەم پێگەیەدا پاساوهێنانەوە، خواستی رووەو دەسەڵات، بەمتمانەنیشاندانی سەرچاوەی ئەو هێزەی کە بانگەشەی بۆ دەکا و هەروەها زێدەگۆیی (اغراق) کەڵک وەردەگیرێ هەتا بەردەنگ بەرەو رەفتارێکی سیاسیی دیاریکراو هان بدا، لەم بەراوردکردنەدا راستەقینە وەکو یەکێک لە گرینگترین توخمەکانی پیشەیی لە رۆژنامەوانییدا بەرەو رواڵەتیک دەڕوا و بەجێی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرژەوەندیی حیزبی دەبێتە مەبەستی سەرەکیی.
لێرەدا رۆژنامەوانی واتە ئامرازێکی بەرەو رەوتێکی پڕ زانیاری و روو لەگەشە کە دیارە ئەمەش بە دوورە لە کۆت و سانسۆر و زەخت و زەبر و هەروەها پەیوەندیی بەرژەوەندخوازانەی تایبەتی و مەسڵەحەتیی هەڵدەوەشێنێتەوە.
بەواتایەکی دیکە، لە پیشەی رۆژنامەوانیی بە واتای راستەقینە مەبەستی سەرەکیی گەیاندنی زانیاریی و وشیارکردنەوە سەبارەت بە پرس و بابەتە جۆراوجۆرەکانە و هەروەها پەرەپێدانە بە کارلێک و گەشەی کۆمەڵگا بۆ دابینبوونی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا.

---